


# ماركێز

# ئەوەی لە بری هەموومان نووسیی

تەڵعەت تاهیر

# وتار

هەمیشە لە ژیانی خوێندنەوەمدا رقم لەو کتێبانە بووە کە نەمتوانیوە بیانخوێنمەوە، بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتای خوێندنەوەمدا، چونکە پێم وابوو هەتا دەموچاوی ناشیرینی ئەو کتێبانە مابن، ئەوا کەمتەرخەمییەک لە رۆشنبیریمدا دەمێنێ! لە سەرووی ئەو نووسەرانە، ئەوسا زۆر بەتایبەتی رقم لە گابریێل گارسیا مارکیز بوو، دەمەو ئێواران لەسەر شۆستەکانی بن قەڵاتی هەولێرێ کتێبەکانی مارکیزم دەبینی و لەبەر خۆمەوە یەک دوو جنێوم بەو نووسەرە شیوعییە دەدا و دەمپرسی چییە ئەو نووسەرە لەخۆباییە و کەی شایەنی خوێندنەوەیە؟ هەتا رۆژێکیان بڕیارم دا کتێبێکی بکڕم، (لە ساتەوەختی شوومدا) یەکەم کتێبی مارکیز بوو کە بتوانم نیو دیناری پێبدەم، بە نابەدڵی بردمەوەماڵێ و بیست لاپەڕەیەکم لێ خوێندەوە و بە دیوارم دادا و پەستی کردم، رۆمانێکی وشکی ئەوتۆ کە خوێنەر تاقەتی خوێندنەوەی نییە! پێم خۆشبوو کە بە دڵم نەبووە و ئێواران دەستم کردەوە بە گاڵتەپێکردنی، ئەم رقە بێ پاساوە خایاندی تا رۆژێک لە گۆڤاری سەقافەی ئەجنەبی دیمانەیەکی مارکیزم خوێندەوە، تیایدا بەتایبەتی باسی رۆمانی (لە ساتەوەختی شوومدا) دەکات و دەڵێت: ئەو رۆمانەم سێ جار دڕاندووە لەبەر ئەوەی کەشوهەوای ناو رۆمانەکە وەکو پێویست گەرم نەبوو! لەو رۆمانەدا دنیا هێندە گەرمە، کە کارەکتەرەکان تاقەتی قسەکردنیان نییە و خوێنەریش بێزار دەکات!

دوای دۆزینەوەی ئەو کلیلە سەر لە نوێ دەستم کردەوە بە خوێندەوەی رۆمانەکە و لە هەموو ژیانمدا کەم کتێب ئەو تامەی پێ بەخشیوم. دوای خوێندنەوەی رۆمانەکانی (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێت، رەشەبای کاغەز، سەدساڵ گۆشەگیری، خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا، پایزی پەتریارک، چەندانی دیکە) گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە تازە نووسەرێک ناتوانێت مارکیزم لێ بسەنێت. مارکیز ئەو وەرچەرخانە بوو کە تیایدا سەلماندی بەجیهانیبوونی نووسین لە قوڵایی خۆماڵیبوونەوە دێت نەک بە پێچەوانەوە. لە مەینەتییەکانی ئەراکاتاکاوە کۆڵانەکانی گەڕەکی کورانی هەولێرم بیردەهاتەوە، ئێمە ساڵانێکە بە شوێن شیعری پەتی و بێ زیادەدا دەگەڕێن، کەچی مارکیز لە رۆماندا رەزیلی لە وشەدا دەکات و رستەیەکی زیاد نانووسێت! کەم نووسەر هەیە هێندەی مارکیز حسێب بۆ خوێنەری زیرەک بکات، ئەو قەت خوێنەر بە گەمژە نازانێت و پەراوێز بۆ خوێنەر دەهێڵێتەوە کە کەسەکانی ناو رۆمانەکە بە کەسەکانی خۆت بچوێنیت! لەمەشەوە دەیەها ساڵ رێگەی نەدەدا رۆمانەکانی بکرێنە فیلمی سینەمایی، نەبادا خوڵقاندنەکانی خوێنەر نەمێنن، مارکیز دەیگوت (لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانی زۆربادا بەدەست خۆت نییە دەموچاوی ئەنتۆنی کوین دێتە بەر چاوت) بۆیە لێدەگەڕا هەموومان پاڵەوانەکان بە کەسوکار و خۆشەویست و نەیارەکانمان بچوێنین، رێزی مارکیز بۆ خوێنەرەکانی هێندەبوو تا بڵێت (چیرۆکی باش وەکو چیای سەهۆڵ وایە، بەشێکی لە خوێنەر دیارە و سێ بەشی ونە) رۆمانەکانی ئەوەندە شت لەودیو دێڕەکانەوە دەڵێن، بەشی ئەوە بکات چەندین دەیەی دیکە خوێنەر بە شوێن بەشە نادیارەکانییەوە بگەڕێت.

گابریێل گارسیا مارکێز، رۆماننووسی ناوداری جیهان، ساڵی ١٩٢٨ لە ناوچەی ئەراکاتاکای کۆلۆمبیا لەدایک بووە و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتە کە ساڵی ١٩٨٢ پێی بەخشرا، لە ناسراوترین و کاریگەرترین نووسەرەکانی جیهانە، رۆمانەکانی بۆ زیاتر لە پەنجا

# کەم نووسەر هەیە هێندەی مارکیز حسێب بۆ خوێنەری زیرەك بكات

زمان وەرگێڕدراون کە بەناوبانگترینیان ڕۆمانی «سەد ساڵ تەنیایی»یە، تیایدا مێژووی کۆلۆمبیا و ئەمریکای لاتین و مرۆڤایەتیی کورتکردووەتەوە، سەرەتای ژیانی ئەدەبیی بە ڕۆژنامەنووسی دەستی پێکردووە و دواتر رووی کردووەتە چیرۆک و ڕۆمان، زیاتر لە پانزە ساڵ سیناریۆی فیلمی نووسیوە و بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە لە پەرەپێدانی فیلم و فیلمسازی لە ئەمریکای لاتیندا، سەدەها وتاری هەیە لەبارەی چۆنیەتیی نووسینی سیناریۆی فیلمەوە، مارکێز کە بەباوکی ئەدەبیاتی واقیعی سیحری دەژمێردرێت، ماوەیەکی زۆر و بە درێژایی دەیەها ساڵ ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە ڕۆمانەکانی بکرێنە فیلم، کەچی لەم ساڵانەی ڕابردوودا ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا) کرایە فیلم و کاردانەویەکی پۆزەتیڤانەی زۆری هەبوو لە لایەن ڕەخنەگرانی هونەرییەوە، هەرچەندە مایەی سەرنج بوو، کە مارکێز ڕێگەی داوە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا یەکێک لە ڕۆمانەکانی بکرێتە فیلم.

بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵیش، مارکێز ڕەتکردنەوەی بە فیلمکردنی ڕۆمانەکانی بۆ هۆکارێک دەگێڕایەوە، کاتێ هەمیشە رایدەگەیاند کە رووخساری پاڵەوانی فیلمەکان، خەیاڵی خوێنەری ڕۆمانەکانم لەناو دەبەن، هەمیشە دەیگوت: وەرن ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانتزاکیس بخوێننەوە، یەکسەر و بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا رووخساری «ئەنتۆنی کوین»تان لەبەرچاوە، کە لە فیلمی زۆربادا ڕۆڵەکە دەبینێت، ناکرێت ڕۆماننووس ڕێگە بە کوشتن و بەرتەسککردنەوەی خەیاڵی خوێنەرەکانی بدات، من دەمەوێت هەر یەکێک ڕۆمانێکی من بخوێنێتەوە، بە ئارەزووی خەیاڵی خۆی رووخساری کەسەکانی ڕۆمانەکە وێنا بکات، نەک کەسایەتی و فۆرمی پاڵەوانی ڕۆمانەکانم یەکسان بن بە کەسایەتی و فۆرمی ئەکتەرێکی دیاریکراو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە فیلم و سیناریۆکان ناتوانن ئەو واقیعە ئەفسوناوییەی ڕۆمانەکان وەک خۆی بگوازنەوە، ئەوەی لە ڕۆمانەکانمدا بە سیحر دەچێت، لە فیلمدا وەکو درۆی لێدێت، جیاوازیی نێوان سیحر و درۆش، جیاوازیی نێوان ڕاستی و مەنتیقە. لە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەشدا کە باسیان لە گرنگیی سینەما دەکرد بۆ ناساندنی بەرهەماکانی هەر نووسەرێک، مارکێز دەیگوت: کەس هێندەی من گرنگی کامێرا نازانێت و زۆر حەزیشم لە سینەمایە و چەندین ساڵی تەمەنیشم بۆ سینەما تەرخان کردووە و دەیەها سیناریۆی فیلمم نووسیوە، بەڵام لە خۆشەویستیی خوێنەرەکانم ئەم هەڵوێستەم وەرگرتووە، چەنکە سرووشتی ڕۆمانەکانم وا دەخوازێت.

پێش ئەوەی مارکێز لە ڕێی ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) لە جیهاندا بناسرێت، چەندین چیرۆک و ڕۆمانی دیکەی بڵاوکردبووەوەو چەند خەڵاتێکیشی لەسەر ئاستی ناوخۆی کۆلۆمبیا وەرگرتبوو، لەوانە ڕۆمانەکانی (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێت، لە ساتەوەختی شوومدا، چیرۆکی مردنێکی ئاشکرا، چیرۆکی دەریاوانە خنکاوەکە) و چەندین ڕۆمانی تر. ئەوانەی ئەم ڕۆمانانە دەخوێننەوە، دەزانن هەر هەموویان دواتر دەبنە بەشێک لە بەشەکانی ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی، کە بە یەکێک لە ناودارترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت و مارکێز دەڵێت لە منداڵیدا ویستویەتی ئەم ڕۆمانە بنووسێت لە ژێر ناوی (ماڵ)دا، بەڵام بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە هەناویدا ماوەتەوە، چونکە نەیدەزانی بە چ زمانێک و بە چ شێوازێک چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، تا دواتر و لە چرکەیەکدا بە خەیاڵی هاتووە کە پێویستە



مارکیز ئەو وەرچەرخانە بوو کە تیایدا سەلماندی بەجیهانیبوونی نووسین لە قوڵایی خۆماڵیبوونەوە دێت نەک بە پێچەوانەوە. لە مەینەتییەکانی ئەراکاتاکاوە کۆڵانەکانی گەڕەکی کورانی هەولێرم بیردەهاتەوە، ئێمە ساڵانێکە بە شوێن شیعری پەتی و بێ زیادەدا دەگەڕێن، کەچی مارکیز لە ڕۆماندا ڕەزیلی لە وشەدا دەکات و رستەیەکی زیاد نانووسێت!

# وتار

بەو شێوازەی داپیرەی لە منداڵیدا چیرۆکی بۆ گێڕاوەتەوە رۆمانەکە بنووسێت، بۆیە دەبینین هەموو رۆمانەکانی پێشتری هەوڵێک بوون بۆ نووسینەوەی سەد ساڵ تەنیایی. لەوێوە مارکێز دەبێتە خاوەن و رێبەری شێوازی واقیعی سیحری، کە شێوازێکی تایبەتە لە فەنتازیا و هێشتنەوەی دەزوویەکی باریکە لە نێوان خەیاڵ و واقیع، لەم شێوازەدا هەموو دارِشتنێک رەوایە، بە مەرجێک خوێنەر بە درۆی تێنەگات، مارکێز وێڕای ئەوەی لە رۆمانەکانیدا ژنێک لە باخچەکەیاندا بە چەرچەفێک دەفڕێت و دەریا بە شەمەندەفەر دەگوازرێتەوە (وەک چۆن لە رۆمانی پایزی پەترپارکدا هاتووە) کەچی سوورە لەسەر ئەوەی کە لە هەموو ژیانیدا دێڕێکی نەنووسیوە واقیعی نەبووبێت! ئەم فەنتازیای دارِشتنە و ئەم سیحرەی لە رۆمانەکانیدایە وا دەکات بە ئەستەم بگوازرێتەوە سەر شاشەی سینەما بەبێ ئەوەی بینەر بە فیلمێکی فەنتازیی نەزانێت، مارکێز خۆی زۆر خۆشیی بە فەنتازیا نایەت و دەڵێت: پێویستە نووسەر دەزووی واقیع لەگەڵ خوێنەردا نەپچڕێنێت. ئەوانەی گرنگی دەدەنە هەواڵەکانی مارکێز، دەزانن کە ماوەی چەندین ساڵە وەرشەیەکی کاری هاوبەشی هەیە بۆ چیرۆک و نۆڤلێت، کە تیایدا لەگەڵ دەیەها چیرۆکنووسی لاو بەیەکەوە چیرۆک بەرهەم دەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە، بیرۆکەیەک دەهێنن و بە هەموویان بیر لە پەرەپێدانی دەکەنەوە و دواتر یەکێک لەو لاوانە دایدەڕێژێتە سەر کاغەز و دەستکاریی دەکەن و دواتر مارکێز بە دارِشتنی کۆتاییدا دەچێتەوە، بەڵام ئەم وەرشەی کارە لە ماوەی چەند ساڵێکی رابردوودا لەلایەن مارکێزەوە گۆڕا بۆ وەرشەی نووسینەوەی سیناریۆی تەلەفزیۆنی و سینەمایی. لە کتێبێکدا کە بەم دواییە بە زمانی عەرەبیش بە ناوی (چۆن چیرۆک دەگێڕیتەوە) بڵاوبووەوە و لەلایەن ساڵح علمانییەوە وەرگێردراوە و (دار المدى) چاپی کردووە، هەموو ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی وەرشەکە بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا دەردەکەوێت مارکێز چەندە هۆگری سینەما و فیلمە، مارکێز خۆی لە سەرەتای گفتوگۆکانی وەرشەکە روونی دەکاتەوە و دەڵێت: رۆژێکیان لە یەکێک لە تەلەفزیۆنەکانی ئیسپانیدا پەیوەندییان پێوە کردم و داوای نووسینی سێزدە سیناریۆی تەلەفزیۆنیان لێکردم بە مەرجێک چیرۆکەکانیش بیرۆکە خۆم بن، لە سەرەتادا تورەبووم و وتم خۆ من بەرگدروو نیم تا قوماشم بۆ بێنن، کەچی خاوەنی تەلەفزیۆنەکە بە هێمنیەوە وتی: تۆ هەر وەرشەی چیرۆکت هەیە، بۆچی ئەو چیرۆکانەی وەرشەکەت ناکەیتە سیناریۆش، یەکسەر رەزامەندییم دەربڕی و بە کارێکی باشم زانی، کوڕەکانیشم گوتیان تۆ هەر گلەیی لە سینەما و تەلەفزیۆن دەکەیت، کەواتە هونەری خۆت بنوێنە و با بزانین تۆ چۆن کارەکان دەکەیت؟ نایشارمەوە کە حەزی کۆنی سیناریۆ نووسین هێشتا لە کونجێکی ناخمدا مابوو، ئەوەبوو دەستم دایە پێکهێنانی ئەم وەرشەیە و ئێستا لەگەڵ گەنجەکاندا واقیعی پیریی خۆم لەبیرکردووەو لەگەڵ لاوەکاندا لە وەهمی لەشساغیدا دەژیم.

(خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا)، یەکێکە لەو سێ رۆمانەی کە بەهرە و داهێنانی مارکێزی پێ دەناسرێتەوە. راستە مارکێز زیاتر لە پانزەی رۆمانی هەیە، بەڵام ناسراوترینیان، بریتین لە رۆمانەکانی (سەد ساڵ تەنیایی و پایزی پەتریارک و خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا) کە یەکەمیان دەربارەی گۆشەگیری و گرفت و پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤە بەرامبەر بە ململانێ و مانەوە،

# ڕەخنەگرانی ئەدەبی پێیان وایە مارکێز هەموو چەمکە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤی داڕشتووە

دووەمیشیان دەربارەی دەسەڵات و دیکتاتۆرییەت و زوڵمی سیاسییەکانە، ئەمەی دواییش لەبارەی خۆشەویستییەوەیە، کە چۆن دەتوانێت سەرجەم بەربەستەکانی تەمەن ببڕێت و بگاتە جوانی. بەمەش ڕەخنەگرانی ئەدەبی پێیان وایە مارکێز هەموو چەمکە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤی داڕشتووە و لە بەوتەقەی داهێناندا تێکەڵی کیمیای بەهرەی کردووە و داهێنانی لێ هەڵێنجاون.

ڕۆمانی خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا، چیرۆکی کەسێک دەگێڕێتەوە بەناوی (فلۆرینتۆ) کە حەز و خۆشەویستییەکی بێسنووری هەیە بۆ کچێک ناوی (فیرمینا داسا)یە، ئەو کوڕە لە سەرەتای ژیانیدا کارمەندی پۆستەیە و نامەیەک بۆ ماڵی فیرمینا دەبات و چاوی پێدەکەوێت و لەیەک ساتدا خۆشی دەوێت، تا دەگەنە نامە گۆڕینەوە و دواتر باوکی کچەکە نامەکان ئاشکرا دەکات و کچەکەی دەنێرێتە گوندێکی دوور بۆ ئەوەی حەزەکەی لەیاد بچێت، چونکە دەیەوێت کچەکەی شووێکی شایستە بکات و هاوسەرێکی هەبووی هەبێت دوای ماوەیەک کچەکە شوو بە دکتۆرێکی ناودار دەکات. لێرەوە ئازار و موعاناتی کوڕە دەست پێدەکات و بڕیار دەدات تا لە ژیاندا بمێنێت چاوەڕێی مردنی مێردی خۆشەویستەکەی بکات، بۆیە ماوەیەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ چاوەڕێی کچەکە دەکات، تا ڕۆژێک مێردی ژنە دەمرێت و لە ڕۆژی یەکەمی پرسەکەدا دەچێتە بەردەمی ژنەکە و پەیمانی خۆشەویستی دووپات دەکاتەوە، ژنەکەش لێی توڕە دەبێت کە هێشتا جەستەی مێردی لە گۆڕەکەیدا ساردنەبووەتەوە کەچی ئەو هاتووە باس لە پەیمانی خۆشەویستی دەکاتەوە، دواتر پیاوەکە نامەیەکی لێبووردن دەنووسێت و سەردانی دەکات، دوای ماوەیەک داوەتی دەکات کە لەسەر یەکێک لەو کەشتیانەی کە ئەو خاوەنێتی و لە مامی بۆی ماوەتەوە گەشتێک بکەن و بەیەکەوە ئازارەکانیان لە یاد بکەن. ئەمە و گەشتێک بە ناو دەریادا دەکەن و بەیەکەوە لە ژوورێکدا بەیەک دەگەن و هەردووکیان تەمەنیان لەسەرووی حەفتا ساڵییەوەیە، لەو سەردەمەش پەتای کۆلێرا لە وڵاتدا بڵاوبووبووەوە و هەر کەشتییەک نەخۆشێکی کۆلێرای تێدابایە ئاڵایەکی زەردی بەرز دەکردەوە، کاپتنی کەشتییەکە دەیزانی کە دوو نەخۆشی عەشق و ئەوینی بارکردووە، دەیویست کۆتایی ئەم گەشتە بزانێت و تا کەی لە دەریادا دێن و دەچن، فلۆرینتۆ فەرمانی بە کاپتنی کەشتییەکە کرد، کە ئاڵای زەرد هەڵبکات، چونکە پەتای عەشق هیچی کەمترنییە لە پەتای کۆلێرا، ئەو کاتەیش کە فیرمینا لێی دەپرسێت تا کەی ئەم گەشتە درێژەی دەبێت، وەڵامی ئەم پرسیارە زیاتر لە پەنجا ساڵ دەبوو لای ئامادە بوو: بۆ هەتا هەتایە. سەبارەت بەم ڕۆمانە مارکێز دەڵێت کە چیرۆکەکە لە خۆشەویستیی دایکی و باوکی هەڵێنجراوە، بێگومان بە ئاوێتەکردنی ئەزموونەکانی خۆیشی، ئەم ڕۆمانە بە یەکێک لەو ڕۆمانە سەرکەوتووانە دەژمێردرێت کە تیایدا چیرۆکی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی مارکێز ڕێگەی بە فیلمکردنی ئەم ڕۆمانەی داوە، دەڵێت: ئەم ڕۆمانەم بە جیا لەوانی دیکە دەتوانرێت بچێتە ناو چوارچێوەی سیناریۆوە، چونکە پەیوەستە بە حاڵە مرۆییە ڕوونەکانەوە، دەکرێت سینەماش بەشدار بێت لەو هەڵمەتە ئەدەبییەی دەیەوێت بیسەلمێنێت کە دنیا وێڕای پەتاکان، وێڕای ماڵوێرانییەکان، وێڕای ئاژاوەکان، هێشتا بە کەڵکی بەرهەمهێنانی جوانی و خۆشەویستی دێت.



مارکێز وێڕای ئەوەی لە ڕۆمانەکانیدا ژنێک لە باخچەکەیاندا بە چەرچەفێک دەفڕێت و دەریا بە شەمەندەفەر دەگوازرێتەوە (وەک چۆن لە ڕۆمانی پایزی پەترپاركدا هاتووە) کەچی سوورە لەسەر ئەوەی کە لە هەموو ژیانیدا دێڕێکی نەنووسیوە واقیعی نەبووبێت!